## لیستی بەڵگەنامە داواکراوەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی دکتۆرا بە شێوازی سپلت سایت بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)

1. بڕوانامەی بەکالۆریۆس بە نمرە (ڕەسەن + 2 دوو وێنەی کۆپی ڕەنگاو ڕەنگ).
2. بڕوانامەی ماستەر بە نمرە (ڕەسەن + 2 دوو وێنەی کۆپی ڕەنگاو ڕەنگ).
3. کارتی زانیاری (ڕەسەن + ٢ دوو وێنەی کۆپی ڕەنگاوڕەنگ).
4. کارتی نیشتیمانی (ڕەسەن + ٢ دوو وێنەی کۆپی ڕەنگاوڕەنگ).
5. بۆ پێشکەشکارانی بیانی، پاسپۆرت (ڕەسەن + ٢ دوو وێنەی کۆپی ڕەنگاوڕەنگ).

**تێبینی/** وێنەی ڕەسەنی بەڵگەنامەکانی خاڵەکانی (٣+٤+٥)ی سەرەوە تەنها بۆ بەراوردکردنە لەگەڵ وێنەی کۆپیکراو لە لایەن فەرمانبەری پەیوەندیدار لە زانکۆ، دوای بەراوردکردن وێنەی رەسەن راستەوخۆ دەگەڕێندرێتەوە بۆ پێشکەشکار.

6. چوار وێنەی بچووکی ڕەنگاو ڕەنگ (پشتی سپی بێت).
7. فۆرمی پێشکەشکردن (1 دانە ڕەسەن + دوو دانە کۆپی).
8. پێشکەشکارانی خوێندنی دکتۆرا بە شێوازی سپلت سایت بۆ ئەوانەی لەسەر میلاکی دامودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردەن، ئەگەر هاتوو تێکرای نمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠%) کەمتر بوو، پێویستە (٣) سێ وێنەی کۆپی لە فەرمانی وەرگرتنی نازناوی زانستی هەمیشەیی هاوپێچ بکەن.
9. پسوولەی دارایی بە بڕی (150.000) سەد و پەنجا هەزار دیناری عێراق هاوپێچ بکرێت کە ناگەڕێتەوە بۆ پێشکەشکار.
10. بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی (ئەگەر هەیە) وەک (IELTS-Academic)، (TOEFL-iBT)، (TOEFL-PBT)، (Pearson Academic-PTE) یاخود بڕوانامە/پشتگیری خولی زمانی ئینگلیزی کە لە سەنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بەدەستهاتووە بەمەرجێک ماوەکەی بەسەر نەچووبێت بە پێی ڕێنماییەکان. (وێنەی ڕەسەن + ٢ دوو دانە کۆپی ڕەنگاو ڕەنگ).
11. بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی و داهێنانی زانستی (براءة الاختراع) هاوپێچ بکرێت (ئەگەر هەیە). (٣ دانە کۆپی ڕەنگاو ڕەنگ).
12. بەڵگەنامەی پرۆسەی دڵنیایی جۆری وەک (هەگبەی مامۆستا + زانستخوازی بەردەوام)ی یەکێک لە دوایین دوو ساڵی خوێندن بۆ ئەوانەی مامۆستان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و خاوەن هەڵگری نازناوی زانستین لە حاڵەتی پێشکەشکردنی پێشکەشکردن تەنها بۆ کورسی بە خۆرایی (ئەگەر هەیە) (وێنەی ڕەسەن + ٢ دوو دانە کۆپی ڕەنگاو ڕەنگ).
13. بۆ فەرمانبەران و کارمەندانی دامەزراو بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی لە دامودەزگاکانی شارستانی، سەربازیی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە وەزارەتەکان یان دامودەزگاکانی حکومیی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، پێویستە (نووسراوی لاری نەبوون + پوختەی ڕاژە) لە وەزارەتەکەی یان دامەزراوەکەی بە واژووی بەڕێز وەزیر یاخود بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەکەی کە دەسەڵاتی پێدراوە بهێنێت لە کاتی پێشکەشکردن بەم شێوەیەی خوارەوە:

[وەزارەتەکەی یان دامەزراوەکەی یاخود فەرمانگەکەی لاری نییە کە بەرێز (.........) بە ناونیشانی وەزیفی (.....) پێشکەشی خوێندنی باڵا/دکتۆرا بە شێوازی سپلت سایت بۆ ساڵی خوێندنی 2024-2025 بکات و لە کاتی وەرگیرانی ناوبراو لە خوێندن، ئەوا مۆڵەتی خوێندنی بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو (تفرغ تام) پێدەدرێت بە مەرجێک ناوبراو لە پێشبرکێی پلانی مۆڵەتی خوێندن سەرکەوتوو بێت بە پێی ناوەڕۆکی هاتوو لە پەیڕەوی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێدانی مۆڵەتی خوێندن و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێدانی مۆڵەتی خوێندن].

هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆیا زاخۆ

اقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالى والبحث العلمى
جامعة زاخو

Kurdistan Regional Government
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University name

---

14. بۆ ئەو پێشکەشکارانەی کە دانەمەزراون بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی لە داموودەزگاکانی شارستانی، سەربازیی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هیچ وەزارەت و داموودەزگایەکی حکومیی لە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ، ئەوا پێویستە بەڵێننامە لە لایەن پێشکەشکار لە (بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی) لە سەرۆکایەتی زانکۆ پڕبکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:-

[من کە ناوم لە خوارەوە هاتووە دانەمەزراوم بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی لە داموودەزگاکانی راژەی شارستانی، سەربازیی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هیچ وەزارەت و داموودەزگایەکی حکومیی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بە پێچەوانەوە لە کاتی ئاشکرابوون کە ئەگەر فەرمانبەر/کارمەند بم لە هەر وەزارەتێک یان داموودەزگایەکی حکومیی لە هەرێمی کوردستان یان عێراق، ئامادەم ناوم لە خوێندن بسڕێتەوە و رێکاری یاساییم بەرامبەر بگیرێتەبەر].

15. بۆ ئەو پێشکەشکارانەی کە لەسەر کورسی خوێندن بە شێوازی پاراڵیل پێشکەش دەکەن، پێویستە بەڵێننامە لە (بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی) لە سەرۆکایەتی زانکۆ پڕبکەنەوە کە تیایدا پێشکەشکار ئامادەیە تەواوی تێچووی خوێندنەکەی لە ئەستۆ بگرێت.

16. ئەگەر هاتوو پێشکەشکار خوێندنی بەکالۆریۆس یاخود ماستەری لە زانکۆکانی دەرەوەی عێراق تەواو کردبێت، ئەوا پێویستە بڕیاری یەکسانکردنی بڕوانامەکەی لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان و فەرمانی کارگێڕی دەرهێنانی کۆنمرەی بەکالۆریۆس یاخود ماستەری بە سیستەمی عێراق لە وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان هاوپێچ بکات.

17. گشت پێشکەشکاران پێویستە بەڵێننامە لە (بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی) لە سەرۆکایەتی زانکۆ پڕ بکەنەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

من کە ناوم لە خوارەوە هاتووە و واژووم کردووە، **<u>بەڵێن دەدەم:</u>**

أ. پابەند دەبم بە جێبەجێکردنی گشت رێنماییەکانی پەیوەندیدار بە خوێندنی دکتۆرا بە شێوازی سپلت سایت، بە پێچەوانەوە بەرپرسیار دەبم لە گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی بەرامبەرم لە کاتی پابەند نەبوونم.

ب. پابەند دەبم بە ماوەی دەستنیشانکراو بۆ چوونەدەرەوە بۆ زانکۆی سەرپەرشتیاری دەرەکی، بە پێچەوانەوە بەرپرسیار دەبم لە گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی بەرامبەرم لە کاتی پابەند نەبوونم.

ج. لە ئێستادا قوتابی/خوێندکاری خوێندنی دکتۆرا نیم لە هیچ زانکۆیەکی هەرێمی کوردستان و عێراق و دەرەوەی وڵات و لە هیچ زەمالەیەکی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق ناوم دەرنەچووە.

د. سڕینەوەی ناوم (ترقين قيد) بۆ نەکراوە لە خوێندنی باڵا/دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ و دەرەوەی وڵات.

هـ. هەموو ئەو زانیاریانەی لە فۆرمی پێشکەشکردن پڕم کردۆتەوە، زانیاری راست و دروستن، بە پێچەوانەوە ئامادەم ناوم لە خوێندن بسڕێتەوە و رێکاری یاساییم بەرامبەر بگیردرێتەبەر بە پێی یاسا و پەیڕەو و رێنماییە کارپێکراوەکان لە هەرێمی کوردستان، بۆیە لە خوارەوە واژۆم کرد.

**زانکۆی..**